**ژمارە:-128**

**بەروار:-2026/3/26**

- **ئەنجومەنی کۆمیسیاران بەردەوام دەبێت لە بەدواداچونەوەی خاڵەکانی پلانی ستراتیجی.**
- **سەرۆکی ئەنجومەنی کۆمیسیاران گفتوگۆدەکات بۆ گەشەکردنی چالاکیەکانی پیشەیی بەهاوکاری دەزگای (IFES) .**
- **ئەندامانی ئەنجومەنی کۆمیسیاران بەدواداچونەوە دەکەن لە سەر ئۆفیسی هەڵبژاردنی پارێزگاکان.**

**ووتەی هەفتانە:**

**سەرۆك وئەندامانی ئەنجومەنی کۆمیسیاران لە کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژارادنەکان ، دانشتنی نویەم ئەنجام دەدات لە بەرواری 2023/3/20 ، بۆ گفتوگۆکردنی ڕاپۆرتە وەرزیەکانی تایبەت بە کاری کۆمیسیۆن ورۆسەیی وراگەیاندن، بۆ بەدواداچونەوەی چۆنێتی ڕێکخستنی پلانی ستراتیجی بۆ گەشەکردنی بەرێوەچونی کاری هەڵبژاردنەکان ودەستنیشانکردنی تێبینیەکان بۆ وەستان لە سەری وچارەسەرکردنی .**

**لە باریەی هەڵبژاردنەکانی داهاتوو ، سەرۆکی ئەنجومەنی کۆمیسیاران گفتوگۆی کرد لە گەڵ بەرێوەبردنی هەڵبژاردنەکان لە گەڵ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی دەربارەی یاسای هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکان کەوا نەبەستراوە بە هەرێم ، وبەئامادەکاری هونەری وپێداویستەکانی کاری یاسایی ودارایی پێویست بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی هەڵبژاردنەکان .**

**هەروەها لە بەر گرنگی دانی ئەنجومەنی کۆمیسیاران بە بەردەوام بوونی کار بە شێوەیەك بگونجێت لە گەڵ پێوەرەکانی جەودە ، سەرۆکی ئەنجومەن گفتوگۆی کرد لە سەر رێکگاکانی هاوکاری لە گەڵ دەزگای نێودەولەتی بۆ سیستمی هەڵبژاردنەکان (IFES) لە گەشەکردنی تواناکانی کارمەندەکانی کۆمیسیۆن وگەشەکردنی چالاکیەکانیان بە شێوەیەك لە بەرژەوەندی پرۆسەی هەڵبژاردنەکان بێت لە عێراق ,**

**هەروەها لە چوارچێوەی بەدواداچونەوەی مەیدانی کەوا ئەندامانی ئەنجومەنی کۆمیسیاران ئەنجامی دەدات بۆ جێبەجێکردنی فەرمانی وەزاری دەربارەی بەدواداچونەوەی کاری ئۆفیسی هەڵبژاردنەکان ، ئەندامانی ئەنجومەنی وپاریدەدەری هونەری هەروەها یاریدەدەری کارگێڕی بۆ سەرۆکی بەرێوەبردنی هەڵبژاردنەکان وچەند کارمەندێك سەردانی هەردوو ئۆفیسی هەڵبژاردنەکانی واست و بابیل  کردوە ، بۆ وەستان لە سەر میکانزمی کار وپلانی دانراوە بۆ سەرکەوتنی پرۆژەی تۆماری بایۆمەتری ورۆلی تیمی گەرۆك لە ئەم بابەتە ، وئاماژەی کرد بە گرنگی ئەنجامدانی دەنگدەرە لاوکان لە لەدایکبووانی 2004 و2005 ، وێڕای دڵنیابوون لە ئاسانکردنی رێکارەکانی تایبەت بە کەم ئەندامان وخاوەن پێداویستیە تایبەتەکان ، وگرنگی دان بە گرنگی پەیرەوکردنی ئاراستەکانی بەرگری مەدەنی وتەندرووستی پیشەیی ، بۆ پاراستنی ژینگەی کاری هەڵبژاردنەکان .**

**لە بارەی بەدواداچونەوە ، ئەندام ئەنجومەنی کۆمیسیاران دیداری ئەنجامدا لە گەڵ سازگەر وناوەندی تۆمارکردنی بازنەی یازدەهەمی هەڵبژاردنەکان لە پارێزگای بەغداد/کرخ بۆ هەڵبژاردنەکان لە ڕێگای بازنەیەکی ئەلیکترۆنیەوە ، بە ئامادەبوونی یاریدەدەری هونەری بۆ سەرۆکی بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنەکان وکارمەندە هونەریەکان ، بۆ بەدواداچونەوەکردنی ڕێژەی تۆمارکردن ودابەشکردنی کارتی بایۆمەتری وئامەرازەکانی بەکارهێنراوە بۆ گەیشتن بە دەنگدەران لە ڕێگای ئاسانکردنەوەی کاری تیمی گەڕۆك بە شێوەیەك مسۆگر بێت بۆ مافی دەنگدەران.**

**هەروەها لە لایەنی هونەریەوە ژمارەی ئەو دەنگدەرانەی کەوا تۆماری بایۆمەتریان ئەنجامداوە گەیشتوەتە** (209 .700 ) **دەنگدەر لە گەڵ لەدایکبووانی2004 کەوا گەیشتنە**(159.038) **دەنگدەر ولەدایکبووی (2005) کەوا گەیشتنە**( 38.598) **دەنگدەر ، هەروەها ناوەندەکانی تۆمارکردن**( 521 .950) **کارتی بایۆمەتری دابەشکردوە ، پێکهاتووە لە**( 313.983) **کارتی دەنگدانی گشتی ، و** (586.000) **کارتی تایبەت بە هێزە ئەمنیەکان و هێزی چەکدار ، هەورەوها کارتی ئاوارەکان وڕاگوێزراوان گەیشتوەتە** (50.538). **کارت بەئامادەبوونی نزیکەی**(2.151) **لە چاودێرەکانی خۆماڵی وبریکاری حزبە سیاسیەکان و**(359) **بریکاری حزبە سیاسیەکان، هەروەها بۆ ئەوانەی گرنگی دەدەن بە باری هەڵبژاردنەکان دەتوانن سەردانی ڕاپۆرتی پرۆسەیی کۆکراوە بکەن دەربارەی پرۆسەی تۆماری بایۆمەتری ودابەشکردنی کارتی بایۆمەتری لە ڕێگای ماڵپەڕی فەرمی کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکان** .https://ihec.iq/biometric-registration

**هەروەها ئۆفیسی پارێزگای هەڵبژاردنەکان بەردەوام دەبێت لە بڵاوکردنەوەی نامەی ڕوونکردنەوەی تایبەت بە ڕوونکردنەوەی ڕێکارەکانی کۆمیسیۆن دەربارەی تۆماری بایۆمەتری وبانگەشەکردنی دەنگدەرە تۆمارکراوەکان پێشتر بۆ وەرگرتەنەوەی کارتەکانیان لە ڕێگای چەند ئامەرازیەکی ڕاگەیاندنی خۆماڵی لە پارێزگاکان .**

**لە چوارچێوەی هەوڵدانی جدی بۆ هاوکاری لە گەڵ دەزگاحکومیەکان دەربارەی گەشەکردنی چالاکیەکانی پیشەیی لە دەزگاکانی وەڵات ، کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکان لە ڕێگای تیمی ڕاهێنانی تایبەت بە چەند ڕاهێنەرێك و وەرك شۆپی ڕاهێنان کردنی ئامادەکردنی ڕاهێنەران** (TOT) **، وێڕای بەردەوامبوونی ئۆفیسی پارێزگاکان لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری کردنەوەی هەڵبژاردنەکان لە چەند دەزگایەکی فەرمی وبازنەکانی هەروەها دەربارەی تۆماری بایۆمەتری ودابەشکردنی کارتی هەڵبژاردنەی بایۆمەتری .**

**هەروەها بۆ تەواوکردنی پرۆژەی ڕۆشنبیرکردنی قوتابیەکان لە قوتابخانەکان بۆ بڵاوکردنەوەی هۆشیاری هەڵبژاردنەکان ، ئۆفیسی هەڵبژاردنەکانی پارێزگاکان بەردەوام دەبن لە ڕێکەوتن لە گەڵ وەزارەتی پەروەردە وبەڕێوەبەرایەتیەکانی لە پارێزگاکان بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەی (بەشی هەڵبژاردنەکان) و (هەڵبژاردنی بەرلمانی قوتابیەکان ) بەمەبەستی بڵاوکردنەوەی هۆشیاری هەڵبژاردنەکان لە نێوان قوتابیەکان ، بەتایبەتی ئەوانەی لە تەمەنی یاسایی هەڵبژاردن دان کەوا دەتوانن بەشداری بکەن لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکان .**

**ووتە بێژی ڕاگەیاندن**